# ساڵنامەی کوردستان

## دەزگای ساڵنامەی کوردی

ئەلیف

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

# ساڵنامەی کوردستان

## دەزگای ساڵنامەی کوردی

پرۆفیسۆر

**وریا عومەر ئەمین**

پێشکەشە بە ئازاد عومەر ئەمین

ناوی کتێب: ساڵنامەی کوردستان- دەزگای ساڵنامەی کوردی
دانانی: پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین
دەرهێنانی هونەری: ئاراس ئەکرەم + ئاهەنگ عومەر ئەمین
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٢٣
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی بەرگ: خۆشنووس محەمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٦٣)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

# کوردستان

کوردستان جێگامی جێی هەزارساڵەم
پەروەردەی ئەم دۆڵ و سەرلووتکە و یاڵەم

هەناسەم تێر بۆنی بای کوێستانتە
دوو لێوەم پاراوی بەفراوانتە

سەرنجم ڕاهاتووی زیوی زەرکەفتە
بەزەردەی سەر بەفری ئێوارە وەختە

گوێم فێرە بیستنی خوڕەی قەڵبەزە
لەو عاستەی ژوور بەفرە داوێن گیای سەوزە

زمانم پشکووتووی قسەی جوانتە
قسەی ناو گۆرانیی شاخەکانتە

هیی ناو چیرۆکی گوێ ئاگردانتە
هیی ناو لایە لایەی مناڵانتە

قوڵپێ با خوێنی ناو دەمارەکانم
بە زەبری عەشقی تۆ ئەیدا ئەزانم

عەشقی تۆ ئەی دایکی خۆم و هاوخوێنم
هەر لە پشتی باوکا چووە هەوێنم

ئەشچێتە هەوێنی کوڕ و کوڕەزا
تا تاقێ کورد مابێ لە چیای بەرزا

گۆران

# پێڕست


| ز | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ١ |
| ٢ | سەرهەڵدانی ساڵنامە | ٣ |
| ٣ | سیستەمی ساڵنامەی زایینی | ٧ |
| ٤ | ساڵنامەی (١٩٠٠ - ٢١٠٠)ی زایینی بە یەک خشتە. | ١١ |
| ٥ | ساڵنامەی ئامادەکراوی ساڵانی (١٧٥٠ - ٢١٠٠) زایینی | ١٣ |
| ٦ | ساڵنامەی ئەو ساڵە زایینییانەی بە دووشەممە دەست پێ ئەکەن و کەبیسە نین | ١٤ |
| ٧ | ساڵنامەی ئەو ساڵە زایینییانەی بە سێشەممە دەست پێ ئەکەن و کەبیسە نین | ١٥ |
| ٨ | ساڵنامەی ئەو ساڵە زایینییانەی بە چوارشەممە دەست پێ ئەکەن و کەبیسە نین | ١٦ |
| ٩ | ساڵنامەی ئەو ساڵە زایینییانەی بە پێنجشەممە دەست پێ ئەکەن و کەبیسە نین | ١٧ |
| ١٠ | ساڵنامەی ئەو ساڵە زایینییانەی بە هەینی دەست پێ ئەکەن و کەبیسە نین | ١٨ |
| ١١ | ساڵنامەی ئەو ساڵە زایینییانەی بە شەممە دەست پێ ئەکەن و کەبیسە نین | ١٩ |
| ١٢ | ساڵنامەی ئەو ساڵە زایینییانەی بە یەکشەممە دەست پێ ئەکەن و کەبیسە نین | ٢٠ |
| ١٣ | ساڵنامەی ئەو ساڵە زایینییانەی بە دووشەممە دەست پێ ئەکەن و کەبیسەن | ٢١ |
| ١٤ | ساڵنامەی ئەو ساڵە زایینییانەی بە سێشەممە دەست پێ ئەکەن و کەبیسەن | ٢٢ |
| ١٥ | ساڵنامەی ئەو ساڵە زایینییانەی بە چوارشەممە دەست پێ ئەکەن و کەبیسەن | ٢٣ |
| ١٦ | ساڵنامەی ئەو ساڵە زایینییانەی بە پێنجشەممە دەست پێ ئەکەن و کەبیسەن | ٢٤ |
| ١٧ | ساڵنامەی ئەو ساڵە زایینییانەی بە هەینی دەست پێ ئەکەن و کەبیسەن | ٢٥ |
| ١٨ | ساڵنامەی ئەو ساڵە زایینییانەی بە شەممە دەست پێ ئەکەن و کەبیسەن | ٢٦ |
| ١٩ | ساڵنامەی ئەو ساڵە زایینییانەی بە یەکشەممە دەست پێ ئەکەن و کەبیسەن | ٢٧ |
| ٢٠ | ڕۆژ و مانگ و وەرز لە ساڵنامەی کوردیدا | ٢٨ |
| ٢١ | دەست پێکردنی ساڵنامەی کوردی و یاساکانی وەرگرتنی ساڵی کوردی | ٢٩ |
| ٢٢ | یاسای دەستکەوتنی ساڵنامەی کوردی | ٣٠ |
| ٢٣ | ساڵنامەی (٢٦٠٠ - ٢٧٧٥)ی کوردی بەیەک خشتە | ٣٣ |
| ٢٤ | یاسای دەستنیشان کردنی ساڵی باز (کەبیسە)ی کوردی | ٣٥ |
| ٢٥ | ڕۆژ و مانگە کوردییەکان بەرامبەر ڕۆژ و مانگە زایینییەکان | ٣٦ |
| ٢٦ | کوردی - زایینی | ٣٧ |
| ٢٧ | زایینی (ناکەبیسە) - کوردی | ٣٨ |
| ٢٨ | زایینی (کەبیسە) - کوردی | ٣٩ |
| ٢٩ | دەستنیشان کردنی مێژووی بەرامبەر | ٤٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٠ | ساڵنامەی ئامادەکراوی سالانی (٢٤٥٠ - ٢٨٠٠) کوردی کە ئەکاتە بەرامبەر (١٧٥٠ - ٢١٠٠)ی زایینی | ٤٢ |
| ٣١ | ساڵنامەی کوردیی ئەو سالانەی بە شەممە دەست پێ ئەکەن | ٤٣ |
| ٣٢ | ساڵنامەی کوردیی ئەو سالانەی بە یەکشەممە دەست پێ ئەکەن | ٤٤ |
| ٣٣ | ساڵنامەی کوردیی ئەو سالانەی بە دووشەممە دەست پێ ئەکەن | ٤٥ |
| ٣٤ | ساڵنامەی کوردیی ئەو سالانەی بە سێشەممە دەست پێ ئەکەن | ٤٦ |
| ٣٥ | ساڵنامەی کوردیی ئەو سالانەی بە چوارشەممە دەست پێ ئەکەن | ٤٧ |
| ٣٦ | ساڵنامەی کوردیی ئەو سالانەی بە پێنجشەممە دەست پێ ئەکەن | ٤٨ |
| ٣٧ | ساڵنامەی کوردیی ئەو سالانەی بە هەینی دەست پێ ئەکەن | ٤٩ |
| ٣٨ | ڕۆژ و مانگی زایینی بەرامبەر ڕۆژ و مانگی ئەو ساڵە کوردییانەی بە(شەممە) دەست پێ ئەکەن کەبیسە نین | ٥٠ |
| ٣٩ | ڕۆژ و مانگی زایینی بەرامبەر ڕۆژ و مانگی ئەو ساڵە کوردییە کەبیسانەی بە(شەممە) دەست پێ ئەکەن | ٥١ |
| ٤٠ | ڕۆژ و مانگی زایینی بەرامبەر ڕۆژ و مانگی ئەو ساڵە کوردییانەی بە(یەکشەممە) دەست پێ ئەکەن کەبیسە نین | ٥٢ |
| ٤١ | ڕۆژ و مانگی زایینی بەرامبەر ڕۆژ و مانگی ئەو ساڵە کوردییە کەبیسانەی بە(یەکشەممە) دەست پێ ئەکەن | ٥٣ |
| ٤٢ | ڕۆژ و مانگی زایینی بەرامبەر ڕۆژ و مانگی ئەو ساڵە کوردییانەی بە(دووشەممە) دەست پێ ئەکەن کەبیسە نین | ٥٤ |
| ٤٣ | ڕۆژ و مانگی زایینی بەرامبەر ڕۆژ و مانگی ئەو ساڵە کوردییە کەبیسانەی بە(دووشەممە) دەست پێ ئەکەن | ٥٥ |
| ٤٤ | ڕۆژ و مانگی زایینی بەرامبەر ڕۆژ و مانگی ئەو ساڵە کوردییانەی بە(سێشەممە) دەست پێ ئەکەن کەبیسە نین | ٥٦ |
| ٤٥ | ڕۆژ و مانگی زایینی بەرامبەر ڕۆژ و مانگی ئەو ساڵە کوردییە کەبیسانەی بە(سێشەممە) دەست پێ ئەکەن | ٥٧ |
| ٤٦ | ڕۆژ و مانگی زایینی بەرامبەر ڕۆژ و مانگی ئەو ساڵە کوردییانەی بە(چوارشەممە) دەست پێ ئەکەن کەبیسە نین | ٥٨ |
| ٤٧ | ڕۆژ و مانگی زایینی بەرامبەر ڕۆژ و مانگی ئەو ساڵە کوردییە کەبیسانەی بە(چوارشەممە) دەست پێ ئەکەن | ٥٩ |
| ٤٨ | ڕۆژ و مانگی زایینی بەرامبەر ڕۆژ و مانگی ئەو ساڵە کوردییانەی بە(پێنجشەممە) دەست پێ ئەکەن کەبیسە نین | ٦٠ |
| ٤٩ | ڕۆژ و مانگی زایینی بەرامبەر ڕۆژ و مانگی ئەو ساڵە کوردییە کەبیسانەی بە(پێنجشەممە) دەست پێ ئەکەن | ٦١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٠ | ڕۆژ و مانگی زایینی بەرامبەر ڕۆژ و مانگی ئەو ساڵە کوردییانەی بە(هەینی) دەست پێ ئەکەن کەبیسە نین | ٦٢ |
| ٥١ | ڕۆژ و مانگی زایینی بەرامبەر ڕۆژ و مانگی ئەو ساڵە کوردییە کەبیسانەی بە(هەینی) دەست پێ ئەکەن | ٦٣ |
| ٥٢ | مانگ و ڕۆژ و کوردییەکان بەرامبەر ساڵنامە زایینییەکان | ٦٤ |
| ٥٣ | مانگ و ڕۆژە کوردییەکان بەرامبەر ئەو ساڵنامە زایینییە نا کەبیسانەی بە شەممە دەست پێ ئەکەن | ٦٥ |
| ٥٤ | مانگ و ڕۆژە کوردییەکان بەرامبەر ئەو ساڵنامە زایینییە کەبیسانەی بە شەممە دەست پێ ئەکەن | ٦٦ |
| ٥٥ | مانگ و ڕۆژە کوردییەکان بەرامبەر ئەو ساڵنامە زایینییە نا کەبیسانەی بە یەکشەممە دەست پێ ئەکەن | ٦٧ |
| ٥٦ | مانگ و ڕۆژە کوردییەکان بەرامبەر ئەو ساڵنامە زایینییە کەبیسانەی بە یەکشەممە دەست پێ ئەکەن | ٦٨ |
| ٥٧ | مانگ و ڕۆژە کوردییەکان بەرامبەر ئەو ساڵنامە زایینییە نا کەبیسانەی بە دووشەممە دەست پێ ئەکەن | ٦٩ |
| ٥٨ | مانگ و ڕۆژە کوردییەکان بەرامبەر ئەو ساڵنامە زایینییە کەبیسانەی بە دووشەممە دەست پێ ئەکەن | ٧٠ |
| ٥٩ | مانگ و ڕۆژە کوردییەکان بەرامبەر ئەو ساڵنامە زایینییە نا کەبیسانەی بە سێشەممە دەست پێ ئەکەن | ٧١ |
| ٦٠ | مانگ و ڕۆژە کوردییەکان بەرامبەر ئەو ساڵنامە زایینییە کەبیسانەی بە سێشەممە دەست پێ ئەکەن | ٧٢ |
| ٦١ | مانگ و ڕۆژە کوردییەکان بەرامبەر ئەو ساڵنامە زایینییە نا کەبیسانەی بە چوارشەممە دەست پێ ئەکەن | ٧٣ |
| ٦٢ | مانگ و ڕۆژە کوردییەکان بەرامبەر ئەو ساڵنامە زایینییە کەبیسانەی بە پێنجشەممە دەست پێ ئەکەن | ٧٤ |
| ٦٣ | مانگ و ڕۆژە کوردییەکان بەرامبەر ئەو ساڵنامە زایینییە نا کەبیسانەی بە پێنجشەممە دەست پێ ئەکەن | ٧٥ |
| ٦٤ | مانگ و ڕۆژە کوردییەکان بەرامبەر ئەو ساڵنامە زایینییە کەبیسانەی بە پێنجشەممە دەست پێ ئەکەن | ٧٦ |
| ٦٥ | مانگ و ڕۆژە کوردییەکان بەرامبەر ئەو ساڵنامە زایینییە نا کەبیسانەی بە هەینی دەست پێ ئەکەن | ٧٧ |
| ٦٦ | مانگ و ڕۆژە کوردییەکان بەرامبەر ئەو ساڵنامە زایینییە کەبیسانەی بە هەینی دەست پێ ئەکەن | ٧٨ |
| ٦٧ | یاسای وەرگرتنی ساڵی زایینی لە کوردییەوە | ٧٩ |
| ٦٨ | ساڵی کوردی بەرامبەر بە هیجری | ٨١ |
| ٦٩ | پەراوێزەکان | ٨٢ |
| ٧٠ | سەرچاوەکان | ٨٣ |

# پێشەکی

بۆ ئەوەی ساڵنامەی کوردی ڕێک بێ و بەتەواوی لەگەڵ ڕووداوە فەلەکییەکاندا جووت بێ و هاوشانی ساڵنامەی زایینی بێ و یاسادار بێ ئەبێ ئەم هەموو مەرجانەی خوارەوەی تیا ڕەچاوکرابێ:

١- (١/١)ی ساڵنامەی کوردی کە ئەکاتە یەکەم ڕۆژی بەهار ئەبێ هەمیشە بکەوێتە (٣/٢١)ی ساڵنامەی زایینی.

٢- (٤/١)ی ساڵنامەی کوردی کە یەکەم ڕۆژی هاوینە ئەبێ هەمیشە بکەوێتە (٦/٢٢)ی ساڵنامەی زایینی.

٣- (٧/١)ی ساڵنامەی کوردی کە یەکەم ڕۆژی پایزە ئەبێ هەمیشە بکەوێتە (٩/٢٢)ی ساڵنامەی زایینی.

٤- (١٠/١)ی ساڵنامەی کوردی کە ئەکاتە یەکەم ڕۆژی زستان ئەبێ هەمیشە بکەوێتە (١٢/٢٢)ی ساڵنامەی زایینی.

٥- ئەبێ ژمارەی ڕۆژەکانی مانگەکانی هەر وەرزێ بەپێی درێژیی وەرزەکە دەستنیشان بکرێ چونکە وەرزەکان بەقەد یەک نین.

٦- ئەبێ یاسا بۆ دەستنیشان کردنی ساڵی باز (کەبیسە – Leap year) دابنرێ بەجۆرێ جووتبوونەکە تێک نەدا و هەموو مەرجەکانی تری لەگەڵدا بگونجێ.

٧- هەر مێژوویەک بەدەستەوە بگری لە ساڵنامەی کوردیدا ئەبێ مێژووی بەرانبەری لە ساڵنامەی زایینیدا بە یاسا دەربهێنرێ و ئەبێ بکەوێتە هەمان ڕۆژەوە.

٨- هەر مێژوویەک بەدەستەوە بگری لە ساڵنامەی زایینیدا ئەبێ مێژووی بەرانبەری لە ساڵنامەی کوردیدا بە یاسا دەربهێنرێ و بکەوێتە هەمان ڕۆژەوە.

٩- ئەبێ ساڵنامەی هەر ساڵێک بە یاسا دەستکەوێ. واتا ئەبێ ستراتیجی بێ.

ئەو ساڵنامە کوردییانەی تا ئێستا دانراون ئەم مەرجانە جێبەجێ ناکەن ساڵ بەساڵ دائەنرێن هەر ئەوەندە نەبێ یەکەم ڕۆژی ساڵنامەکە بە(١)ی نەورۆز دەست پێ ئەکەن کە ئەکەوێتە (٣/٢١)ی ساڵی زایینی و لەگەڵ سێبەری ساڵنامەی زایینی ئەڕۆن تا ساڵەکە تەواو ئەبێ. (٧٠٠ یا ٦١٢) ئەخەنە سەر ساڵی زایینی و ژمارەی ڕۆژەکانی مانگەکان هەریەکە بەجۆرێک دەستنیشان ئەکات[١].

دانان و دامەزراندنی ساڵنامەیەک ئەم هەموو مەرجانەی تیا وەدی بهێنرێ و ئەم هەموو ڕووە ئاڵۆزەی تیا بگونجێنرێ لە سەختترین و دژوارترین گیروگرفتەکانی بیرکارییە.

لەم پرۆژەیەدا ئەم گیروگرفتانە هەموو چارەسەر کراون. گەیشتنە ئەم ئەنجامە بەری ڕەنجی ساڵەهای ساڵە. بە سەدان ئیحتمالم بۆ تاقی کردۆتەوە و بۆ هەر ئیحتمالێک دەیان خشتەم ڕێکخستووە کە ئەگەر هەمووی بخەمە ڕوو ئەبێتە بەرگێکی گەورەی سەدان لاپەڕەیی.

ئەم ساڵنامەیە گرنگێتیی تایبەتیی خۆی لە مێژووی کورددا ئەبێ. ئەبێتە هۆکارێکی سەرەکیی بۆ لێکبەستنمان و سیمایەکی گشتی بەناسنامەی نەتەوەییمان ئەبەخشێ. بۆیە ئەبێ هەموو مێژوونووس و دامودەزگا ڕەسمییەکان و گۆڤار و ڕۆژنامەکان ڕەچاوی بکەن و لەسەری بڕۆن.

بۆ ئەوەی ئەم ساڵنامەیە ئەرکی مێژوویی خۆی جێبەجێ بکات وا پێشنیار ئەکەین کە لە زانکۆدا بخوێندرێ بەتایبەتی لە بەشی مێژوو وەک بابەتێکی مێژوویی. لە بەشی جوگرافیا و فەلەک وەک بابەتێکی جوگرافی و فەلەکی. لە بەشی بیرکاریدا وەک بابەتێک بۆ مەنتقی بیرکاری و گواستنەوە لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێک.

لەم کارەدا هەوڵدراوە هەموو ڕووەکانی ساڵنامەی کوردی و پەیوەندییەکانی دەستنیشان بکرێت (سەیری پێڕست ل iv – vi بکە.)

بۆ سوود و بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ... ساڵنامەی ٣٥١ ساڵی نێوان ٢٤٥٠ – ٢٨٠٠ک کە ئەکەنە بەرامبەر ١٧٥٠ – ٢١٠٠ز ئامادەکراوە و لە ل٤٣–٤٩دا پێشکەش کراوە. هەر ئەوەندە ساڵەکە لە ستوونەکاندا بدۆزەرەوە. بۆ نموونە ساڵنامەی ساڵی ٢٧٠٢ لە ل٤٨ دایە. هی ساڵی ٢٥٤٦ لە ل٤٣ دایە و بەم جۆرە.

بە هەمان پێڕەو ساڵنامەی زایینیی نێوان ١٧٥٠ – ٢١٠٠ز لە ل١٤ – ٢٧دا دەست ئەکەوێ.

بۆ مانگ و ڕۆژی زایینیی بەرامبەر کوردی و بەپێچەوانەوە سەیری ل٥٠–٦٣ و ل٦٥ – ٧٨ بکە.

بۆ پەیوەندیی ساڵی کوردی بەهیجرییەوە دوو هاوکێش لە ل٨١دا خراونەتە ڕوو بەهۆیانەوە ساڵی کوردی و هیجری لێک وەرئەگیرێن.

## سەرهەڵدانیساڵنامە

ئەو دیاردە سروشتییانەی هەمیشە بەرێکوپێکی دووبارە ئەبنەوە، هەر لە زووەکەوە سەرنجی مرۆڤیان ڕاکێشاوە و بیریان خەریک کردووە.

هەتاو، هەموو ڕۆژ هەڵدێ و بەئاسماندا هەڵئەکشێ تا ئەگاتە لووتکەی... ئینجا بەرەو خوار ئەخزێ و ئاوا ئەبێتەوە.

مانگ وەک کەوانێکی باریک لە ئاسۆی ڕۆژئاوادا دەرئەکەوێ... لە کاروانی بەرەو ڕۆژهەڵاتییا... بەرە بەرە گەش ئەکا و ئەشنێتەوە... تا تەواو خڕ ئەبێ ئینجا وردە وردە کەم ئەکا و ئەتوێتەوە و... لە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتدا ون ئەبێ.

هەر ئەستێرەیێک یا کەژاوەیێک... لە کاتێکی دیاریکراوی ساڵا لە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتا دەرئەکەوێ شەو لەدوای شەو بەرەو ڕۆژئاوا بە ئەسپایی هەڵئەخلیسکێ... تا نوقمی ئاسۆی ئەودیو ئەبێ... تا سوورێکی تر لەهەمان کات و شوێندا دەرئەکەوێتەوە.

لەپڕ پۆلی باڵدارە کۆچەرەکان پەیا ئەبن... ئاسمان و لق و پۆپی درەختەکانمان داگیرئەکەن... ماوەیێ لەناوماندا ئەمێننەوە... لەپڕ ون ئەبنەوە.

دار و درەخت ئەپشکوون گوڵ هەڵاڵە ئەدەن... هەڵاڵەکان ئەبن بەمیوە و ئەگەن... پاشان گەڵاکان زەرد هەڵئەگەڕێن و ئەوەرن و درەختەکان ئەڕووتێنەوە تا سوورێکی تری ساڵ... دیسان ئەپشکوونەوە...

لە ئەنجامی چاودێریکردن و بەراوردکردنی هەزاران ساڵەی ئەم دیاردە دڵگیرە دڵکێشانە گەلێ شتی سەیری مەغزادار بۆ مرۆڤی دێرین دەرکەوت.

هەڵهاتن و ئاوابوونی ڕۆژانەی هەتاو (ڕۆژ)ی وەک چەمکێکی کات لەبیرییا چەسپاند.

بۆی دەرکەوت کە مانگ لە دەرکەوتنێکییەوە تا دەرکەوتنێکی تری سی (٣٠) جار ڕۆژ هەڵدێ و ئاوا ئەبێتەوە بەمە (مانگ) لەبیرییا وەک چەمکێکی کات چەسپا.

هەروەها گەیشتە ئەو ئەنجامە کە لە پەیابوونی ئەستێرەیێ یا کەژاوەیێکی دیاریکراو... تا پەیابوونێکی تریبا لە گەیینی مێوەیێ... تا گەیینێکی تری... یا لە پەیابوونی جۆرە گوڵێ تا پەیابوونێکی تری... دوانزە جار مانگی نوێ پەیا ئەبێ، بەمە چەمکی (ساڵ) لە بیری چەسپا.

بەم جۆرە (ڕۆژی)ی لا بوو بە بچووکترین دانەی کاتی پێوراو... مانگ بوو بە سی (٣٠) ڕۆژ، ساڵ بوو بە(١٢) مانگ یا (٣٦٠) ڕۆژ.

دۆزینەوە و دەستنیشان کردنی ئەم پەیوەندییانە گرنگترین دەسکەوتی فیکریی مرۆڤی هەرە دێرینن.

لەگەڵ پەرەسەندنی باری ژیانی مرۆڤ، پێویستی بە زانینی کاتی کێلان و چاندن و دروێنە و یادکردنەوەی بیرەوەرییە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان بوو.

بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیانی... کەوتە... تۆمارکردنی ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان... لەوانەیە لە سەرەتادا لەسەر کۆڵەکەی درەختەکاندا... یا بەکۆکردنەوەی چەو بووبێ... بەمە چەمکی ساڵنامە کەوتە بیری.

ئەو نەتەوە کۆنانەی کە خاوەن شارستانییەتی مەزن بوون وەک میسری و بابلی و چینی و هیندی و... هتد هەریەکە ساڵنامەی تایبەت بەخۆوەی هەبووە... لە هەریەکا ساڵ بەجۆرێ دەستی پێکردووە و بەجۆرێ دابەش کراوەتە سەر مانگ و ڕۆژەکان.

زۆربەی ئەو ساڵنامانە لەوانەیان کردووە کە ئێمە لەم سەردەمەی ئێستاماندا بەکاریان ئەهێنین. چونکە هەموو جوولانەوەکانی مانگ و هەتاو و ئەستێرەکانیان کردۆتە بناغە... بەڵام ورد و ڕێک و تەواو نەبوون. لە ڕاستیدا ئەو ساڵنامانەی ئێستا بەکاریان ئەهێنین هەموو پاشماوەی ئەوانن دەسکاری کراون و پەرە پێدراون.

سەرچاوەکانی مێژووی بیری مرۆڤایەتی وای لە قەڵەم ئەدەن کە کۆنترین ساڵنامە شوێنەواری مابێتەوە هی سۆمەرییەکانە و میسرییەکان یەکەم میللەت بوون کە ساڵنامەی هەتاوییان ڕێکخست.

هاوکات بوونی هەڵهاتنی ساڵانەی گەشترین ئەستێرەی ئاسمان سیرۆس Sirius لەگەڵ لافاوی زێی نیل جێی سەرنج ڕاکێشانیان بوون... و... ئەم ڕووداوەیان بەکارهێنا و کردیان بەبناغە بۆ ڕێکخستنی ساڵنامەکەیان... بۆیان دەرکەوت کە لە هەڵهاتنێکی ئەم ئەستێرەیەوە تا هەڵهاتنێکی تری (٣٦٥) ڕۆژ ئەخایێنێ... ئەمەیان دابەش کردە سەر دوانزە مانگی سێ (٣) حەفتەیی (هەر حەفتەیەک دە ڕۆژ) پێنج ڕۆژە ماوەکە بە جیا ئەخرایە سەر کۆتایی ساڵ. ئەم سیستەمە لە دەوروبەری سێ هەزار ساڵ پێش زایین دامەزرێنرا... ساڵنامەکە ناتەواوی زۆربوو... زۆر هەڵەی تێ کەوتبوو تا ئاوابوونی شارستانییەتەکە چەند جار دووبارە ڕێکخراوەتەوە.

ئەم ساڵنامەیەی ئێستا هەموو وڵاتانی سەر ڕووی زەمین لەسەریدا پێک هاتوون و بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری ناوخۆ و پەیوەندیی نێوانیان بەکاری ئەهێنن و بەساڵنامەی (گریگۆری) یا (زایینی) ناو ئەبرێ، لە نژادا لە ڕۆمانەکانەوە وەرگیراوە... مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە دەوروبەری ساڵی ٧٣٨ پ.ز کە ئەمانیش پێشتر لەگریکەکانەوە وەریانگرتبوو.

ئەم ساڵنامەیە لە سەرەتادا زۆر سادە و پڕ کەموکوڕی بوو... لەگەڵ پەرەسەندنی بیری مرۆڤ و تێگەیشتنی یاساکانی سروشت ئەمیش دەسکاری کراوە و بەرەبەرە ڕێکتر و تەواوتر کراوە.

ساڵنامەکە لە سەرەتادا... ساڵەکەی لە(٣٠٤) ڕۆژ پێکهاتبوو... دابەش کرابووە سەر (دە) مانگ... کە ئەمانە بوون.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | مارتینیۆس | Martinus | ئازار |
| ٢ | ئەپریلس | Aprilis | نیسان |
| ٣ | مایيوس | Maius | مایس |
| ٤ | یونیوس | Junius | حوزەیران |
| ٥ | کوینتێلیس | Quintilis | تەمووز |
| ٦ | سیکستیلس | Sextilis | ئاب |
| ٧ | سێپتمبەر | September | ئەیلوول |
| ٨ | ئۆکتۆبەر | October | تشرینی یەکەم |
| ٩ | نۆڤێمبەر | November | تشرینی دووەم |
| ١٠ | دیسێمبەر | December | کانوونی یەکەم |

تیایا ساڵ لە سەرەتای بەهارا دەستی پێ ئەکرد. (لە مانگی Martius کە ئازاری ئێستایە و گەلێ جار هەر ناوە کۆنەکەی - مارت - بەکارئەهێنرێ) و لەسەرەتای زستانا تەواو ئەبوو و شەست (٦٠) ڕۆژی ناوەڕاستی زستان خرابووە پشت گوێ.

دوای سێ سەدە... لە دەوروبەری ساڵی ٤٥٢ پ.ز فەرمانڕەوای ڕۆمانی (نوما) دوو مانگی -Jan uary کانوونی دووەم و February شوباتی خستە سەری بەمە ساڵی ساڵنامەکە بوو بە(١٢) مانگ و (٣٦٠) ڕۆژ... ئەمە پێنج ڕۆژ زیاتر لە ساڵی هەتاوی کورتتر بوو... بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەمییە هەر چوار ساڵ جارێ مانگێکی زیادی (٢٣ یا ٢٤) ڕۆژیی بەناوی مێرسیدینوس -Mer cedinus ئەخرایە سەری و ساڵەکە ئەبوو بە(١٣) مانگ.

دوای ئەم دەسکاری کردنەش کەموکوڕی و ناتەواوی هەر مایەوە... بۆیە ساڵنامەکە لە ساڵی هەتاوی ترازا و بەرە بەرە لێی دوورکەوتەوە تا سەردەستی یۆلیۆس سیزەر (١٠٠ - ٤٤ پ.ز) گەیشتە سێ مانگ...

یۆلیۆس سیزەر لە ساڵی ٤٦ پ.ز بڕیاری دا چارەسەری گیروگرفتی ساڵنامە بکات... بۆ ئەمە داوای لە سۆسجین کرکە فەلەکییەکی مەزنی سەردەمی خۆی بوو...

بەلای سۆسجینەوە ساڵ ٣٦٥ ڕۆژ و چارەکە ڕۆژێک بوو (ئەم بۆچوونەی زۆر نزیک بوو لە ڕاستی و تەنیا (١١) دەقیقە و (٤٦) سانیەی لە ساڵی هەتاوی جیاوازە). بۆ ڕێکخستنی ساڵنامەکە بڕیاری دا

١- واز لە مانگ بهێنێ بۆ دانانی ساڵنامە.

٢- ساڵی هەتاوی بکرێ بە بناغە بۆ دانانی ساڵنامە.

٣- ساڵ (١٢) مانگ بێ (٦) مانگی (٣١) ڕۆژی و پێنجی (٣٠) ڕۆژی و یەک مانگی (٢٩) ڕۆژی. هەر چوار ساڵ جارێ بکرێ بە(٣٠) ڕۆژ.

٤- سەری ساڵ کە بەپێی ساڵنامە کۆنەکە لە بەهارا (لە یەکی مارتدا) دەستی پێ ئەکرد بکشێنرێتە یەکی کانوونی دووەم.

بەمە ساڵی ساڵنامە و ساڵی هەتاوی زۆر لێک نزیک بوونەوە... بەڵام سەداسەد جووت نەبوون ئەم ساڵنامەیە ناونرا (یولیانی) یا (جولیانی). ڕۆمانەکان لە پاشانا ناوی دوومانگیان گۆڕی مانگی حەوتەمیان Quintilis کردە یۆلیۆس July و هەشتەمیان Sextilis کردە ئۆگستوس Augustus بۆ ڕێزگرتن لەم دوو ئیمپراتۆرەیان. هەروەها بۆ ئەوەی ئەم ئیمپراتۆرە لە ساڵنامەکەدا هاوپلەوپایە بن ژمارەی ڕۆژەکانی مانگی (ئۆگستۆس)شیان لە (٣٠)یەوە کرد بە (٣١). ئەم ڕۆژەیان لە شوباتەوە گواستەوە... لەو ساکەوە ژمارەی ڕۆژەکانی مانگی شوبات (٢٩ یا ٣٠)یەوە بوو بە(٢٨ یا ٢٩).

تا ئێستاش... سیستەم و ناوی مانگەکانی ساڵنامەی یولیانی وەک خۆی ماوەتەوە.

لە دەستنیشان کردنی درێژیی ساڵی هەتاوی سۆسجێن زۆ ورد نەبوو... لێکۆڵینەوەکانی دواتر دەریان خست کە ساڵی هەتاوی (٣٦٥) ڕۆژ و (٥) سەعات و (٤٨) دەقیقە و (٤٦) سانیەیە، نەک (٣٦٥) ڕۆژ و چارەگە ڕۆژێک کە ئەکاتە (٦) سەعات واتا ساڵنامەکە (١١) دەقیقە و (١٤) سانیە لە ساڵی هەتاوی درێژتربوو. ئەمە بووە هۆی ئەوە ساڵنامەکە لەسەر حیسابی ساڵی هەتاوی بکشێتە پێش. ئەم کاتە هەر چەن کەم دێتە بەر چاو بەڵام بەتێپەڕبوونی سەدان ساڵ زۆر ئەکا و هەر (١٢٨) ساڵ ئەبێتە یەک ڕۆژ.

تا ساڵی ١٥٨٢، کە ئەکاتە ١٦٢٨ ساڵ دوای دانانی ساڵنامەی یولیانی (دە) ڕۆژ کشابووە پێش لەم ساڵەدا بوو پاپا گریگۆریی سیانزەهەم ئەم گیروگرفتەی چارەسەرکرد. بۆ ئەوەی ساڵنامەکە لەگەڵ ساڵی هەتاوی جووت کاتەوە فرمانی دا ئەو (دە) ڕۆژەی کە ساڵنامەکە پێش ساڵی هەتاوی کەوتبوو فڕێ بدرێ و (٥-١٠-١٥٨٢)ی کرد بە(١٥-١٠-١٥٨٢) بەمە ساڵی ساڵنامەکە و ساڵی هەتاویی جووت کردەوە.

پاپا گریگۆری زانی کە دوای چەند سەدەیێک ئەم گیروگرفتە دیسان سەرهەڵئەداتەوە... بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە داوای کرد هەر چوار ساڵ بکرێ بە کەبیسە و تەنیا ئەو سەرە سەدانە بکرێن بە کەبیسە کە بەسەر (٤٠٠) دابەش ئەکرێن... بەم جۆرە ساڵانی (١٦٠٠ و ٢٠٠٠) کەبیسە بوون بەڵام (١٧٠٠ - ١٨٠٠-١٩٠٠) کەبیسە نەبوون.

دوای ئەم دەسکارییە ساڵنامەکە ناونرا (گریگۆری).

ئەو لێکۆڵینەوانەی بەم دواییە کراون. دەریان خست کە ساڵنامەی گریگۆریش ١٠٠٪ تەواو نییە و (٢٣,٣) سانیە لە هی ساڵی هەتاوی درێژترە... ئەمە کۆ ئەبێتەوە و لە ساڵی ٤٣١٦ز ئەبێتە یەک ڕۆژ.

زانست و هونەری دانانی ساڵنامە یەکجار پێشکەوتووە. ئێستا گەلێ جۆر (CD – سی دی)ی تایبەت بەساڵنامەوە هەیە بەکۆمپیوتەر ئەتوانرێ ساڵنامەی هەر ساڵێکی نێوان دە هەزار ساڵ پێش ئێستا و دە هەزار ساڵی ئایندەش بەچەند چرکەیێک دەسکەوێ.

# سیستەمی ساڵنامەی زایینی

بۆ زانین و ئاسان بوونی چۆنیەتی بەکارهێنانی ساڵنامەی کوردی ئەبێ سەرەتا شارەزایی لە سیستەم و چۆنیەتی کارکردنی ساڵنامەی زایینی پەیدا بکەن و مەشق و ڕاهێنانی لەسەر بکەن.

بۆ دەستنیشان کردنی سیستەمی کارکردنی ساڵنامەی زایینی ئەم مەنتیق و پێڕەوەمان بەکارهێنا :

حەوت احتمال هەیە بۆ دەست پێکردنی مانگ.

١- ئەو مانگانەی بە(شەممە) دەست پێ ئەکەن.

٢- ئەو مانگانەی بە(یەکشەممە) دەست پێ ئەکەن.

٣- ئەو مانگانەی بە(دووشەممە) دەست پێ ئەکەن.

٤- ئەو مانگانەی بە(سێشەممە) دەست پێ ئەکەن.

٥- ئەو مانگانەی بە(چوارشەممە) دەست پێ ئەکەن.

٦- ئەو مانگانەی بە(پێنجشەممە) دەست پێ ئەکەن.

٧- ئەو مانگانەی بە(هەینی) دەست پێ ئەکەن.

هەر حەوت جۆر خراونەتە سەر سیستەمی ساڵنامە و لەم خشتەیەدا ڕوون کراوەتەوە:

| ڕۆژ | ١ | | | | | ٢ | | | | | ٣ | | | | | ٤ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شەممە | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ |
| یەکشەممە | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ |
| دووشەممە | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣١ | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| سێشەممە | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣١ | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |
| چوارشەممە | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣١ | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ |
| پێنجشەممە | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣١ |
| هەینی | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | |

| ڕۆژ | ٥ | | | | | ٦ | | | | | ٧ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شەممە | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | ٣١ | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣٠ | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ |
| یەکشەممە | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | ٣١ | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ |
| دووشەممە | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ |
| سێشەممە | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ |
| چوارشەممە | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ |
| پێنجشەممە | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| هەینی | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣١ | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |

خشتە ژمارە(١)

واتا ساڵ بەشەممە یا بە یەکشەممە یا بە دووشەممە یا بە سێشەممە یا بە چوارشەممە یا بە پێنجشەممە یا بە هەینی دەست پێ ئەکات.

سالنامەی سالانی نێوان (١٩٠٠ - ٢٠٧٥)مان بەپێی ڕۆژی دەست پێکردنیان پۆلمان کردن دەرکەوت کە:

١- ئەم سالانەی بە شەممە دەست پێ ئەکەن.

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩١٠ | ١٩٢٧ | ١٩٤٩ | ١٩٧٢ | ١٩٩٤ | ٢٠١١ | ٢٠٢٣ | ٢٠١٦ | |
| ١٩١٦ | ١٩٣٨ | ١٩٥٥ | ١٩٧٧ | ٢٠٠٠ | ٢٠٢٢ | ٢٠٣٩ | ٢٠٥٦ | ل١٩ و ٢٦ |
| ١٩٢١ | ١٩٤٤ | ١٩٦٦ | ١٩٨٣ | ٢٠٠٥ | ٢٠٢٨ | ٢٠٥٠ | ٢٠٦٧ | |

٢- ئەم سالانەی بە یەکشەممە دەست پێ ئەکەن.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٠٥ | ١٩٢٨ | ١٩٥٠ | ١٩٦٧ | ١٩٨٩ | ٢٠١٢ | ٢٠٣٤ | ٢٠٥١ | ٢٠٧٣ | |
| ١٩١١ | ١٩٣٣ | ١٩٥٦ | ١٩٧٨ | ١٩٩٥ | ٢٠١٧ | ٢٠٤٠ | ٢٠٦٢ | | ل ٢٠ و ٢٧ |
| ١٩٢٢ | ١٩٣٩ | ١٩٦١ | ١٩٨٤ | ٢٠٠٦ | ٢٠٢٣ | ٢٠٤٥ | ٢٠٦٨ | | |

٣- ئەم سالانەی بە دووشەممە دەست پێ ئەکەن.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٠٠ | ١٩١٧ | ١٩٤٠ | ١٩٦٢ | ١٩٧٩ | ٢٠٠١ | ٢٠٢٤ | ٢٠٤٦ | ٢٠٦٣ | |
| ١٩٠٦ | ١٩٢٣ | ١٩٤٥ | ١٩٦٨ | ١٩٩٠ | ٢٠٠٧ | ٢٠٢٩ | ٢٠٥٢ | ٢٠٧٤ | ل ١٤ و ٢١ |
| ١٩١٢ | ١٩٣٤ | ١٩٥١ | ١٩٧٣ | ١٩٩٦ | ٢٠١٨ | ٢٠٣٥ | ٢٠٥٧ | | |

٤- ئەم سالانەی بە سێشەممە دەست پێ ئەکەن.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٠١ | ١٩٢٤ | ١٩٣٩ | ١٩٥٧ | ١٩٨٠ | ٢٠٠٢ | ٢٠١٩ | ٢٠٤٧ | ٢٠٦٩ | |
| ١٩٠٧ | ١٩٢٩ | ١٩٤٦ | ١٩٦٣ | ١٩٨٥ | ٢٠٠٨ | ٢٠٣٠ | ٢٠٥٨ | ٢٠٧٥ | ل ١٥ و ٢٢ |
| ١٩١٨ | ١٩٣٥ | ١٩٥٢ | ١٩٧٤ | ١٩٩١ | ٢٠١٣ | ٢٠٤١ | ٢٠٦٤ | | |

٥- ئەم سالانەی بە چوارشەممە دەست پێ ئەکەن.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٠٢ | ١٩١٩ | ١٩٤١ | ١٩٦٤ | ١٩٨٦ | ٢٠٠٣ | ٢٠٢٥ | ٢٠٤٨ | ٢٠٧٠ | |
| ١٩٠٨ | ١٩٣٠ | ١٩٤٧ | ١٩٦٩ | ١٩٩٢ | ٢٠١٤ | ٢٠٣١ | ٢٠٥٣ | | ل ١٦ و ٢٣ |
| ١٩١٣ | ١٩٣٦ | ١٩٥٨ | ١٩٧٥ | ١٩٩٧ | ٢٠٢٠ | ٢٠٤٢ | ٢٠٥٩ | | |

٦- ئەم سالانەی بە پێنجشەممە دەست پێ ئەکەن.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٠٣ | ١٩٢٥ | ١٩٤٨ | ١٩٧٠ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٣٢ | ٢٠٥٤ | ٢٠٧١ | |
| ١٩١٤ | ١٩٣١ | ١٩٥٣ | ١٩٧٦ | ١٩٩٨ | ٢٠١٥ | ٢٠٣٧ | ٢٠٦٠ | | ل ١٧ و ٢٤ |
| ١٩٢٠ | ١٩٤٢ | ١٩٥٩ | ١٩٨١ | ٢٠٠٤ | ٢٠٢٦ | ٢٠٤٣ | ٢٠٦٥ | | |

٧- ئەم سالانەی بە هەینی دەست پێ ئەکەن.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٠٤ | ١٩٢٦ | ١٩٤٣ | ١٩٦٥ | ١٩٨٨ | ٢٠١٠ | ٢٠٢٧ | ٢٠٤٩ | ٢٠٧٢ | |
| ١٩٠٩ | ١٩٣٢ | ١٩٥٤ | ١٩٧١ | ١٩٩٣ | ٢٠١٦ | ٢٠٣٨ | ٢٠٥٥ | | ل ١٨ و ٢٥ |
| ١٩١٥ | ١٩٣٧ | ١٩٦٠ | ١٩٨٢ | ١٩٩٩ | ٢٠٢١ | ٢٠٤٤ | ٢٠٦٦ | | |

ئەو ساڵانەی کە بە شەممە دەست پێ ئەکەن: (شوبات)یان بە سێ شەممە دەست پێ ئەکات.

ئەگەر کەبیسە نەبوو[٢]

(ئازار)یان بە سێشەممە
(نیسان)یان بە هەینی
(مایس)یان بە یەکشەممە
(حوزەیران)یان بە چوارشەممە
(تەمووز)یان بە هەینی
(ئاب)یان بە دووشەممە
(ئەیلوول)یان بە پێنجشەممە
(تشرینی یەکەم)یان بە شەممە
(تشرینی دووەم)یان بە سێشەممە
(کانوونی یەکەم)یان بە پێنجشەممە

ئەگەر کەبیسە بوو

(ئازار)یان بە چوارشەممە دەست پێ ئەکات
(نیسان)یان بە شەممە
(مایس)یان بە دووشەممە
(حوزەیران)یان بە پێنجشەممە
(تەمووز)یان بە شەممە
(ئاب)یان بە سێ شەممە
(ئەیلوول)یان بە هەینی
(تشرینی یەکەم)یان بە یەکشەممە
(تشرینی دووەم)یان بە چوارشەممە
(کانوونی یەکەم)یان بە هەینی

واتا هەر جۆرە ساڵێک دوو خانەی لێ ئەبێتەوە یەک بۆ ساڵە کەبیسەکان ئەویتر بۆ ساڵە ناکەبیسەکان. ڕۆژی دەست پێکردنی مانگەکانی هەر جۆرە ساڵێک لەم خشتەیەدا خراونەتە ڕوو:

| کانوونی دووەم | | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلوول | ت١ | ت٢ | ک١ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شەممە | | ٣ش | ٣ش | ه | ١ش | ٤ش | ه | ٢ش | ٥ش | ش | ٣ش | ٥ش |
| | کەبیسە | ٣ش | ٤ش | ش | ٢ش | ٥ش | ش | ٣ش | ه | ١ش | ٤ش | ه |
| یەکشەممە | | ٤ش | ٤ش | ش | ٢ش | ٥ش | ش | ٣ش | ه | ١ش | ٤ش | ه |
| | کەبیسە | ٤ش | ٥ش | ١ش | ٣ش | ه | ١ش | ٤ش | ش | ٢ش | ٥ش | ش |
| دووشەممە | | ٥ش | ٥ش | ١ش | ٣ش | ه | ١ش | ٤ش | ش | ٢ش | ٥ش | ش |
| | کەبیسە | ٥ش | ه | ٢ش | ٤ش | ش | ٢ش | ٥ش | ١ش | ٣ش | ه | ١ش |
| سێشەممە | | ه | ه | ٢ش | ٤ش | ش | ٢ش | ٥ش | ١ش | ٣ش | ه | ١ش |
| | کەبیسە | ه | ش | ٣ش | ٥ش | ١ش | ٣ش | ه | ٢ش | ٤ش | ش | ٢ش |
| چوارشەممە | | ش | ش | ٣ش | ٥ش | ١ش | ٣ش | ه | ٢ش | ٤ش | ش | ٢ش |
| | کەبیسە | ش | ١ش | ٤ش | ه | ٢ش | ٤ش | ش | ٣ش | ٥ش | ١ش | ٣ش |
| پێنجشەممە | | ١ش | ١ش | ٤ش | ه | ٢ش | ٤ش | ش | ٣ش | ٥ش | ١ش | ٣ش |
| | کەبیسە | ١ش | ٢ش | ٥ش | ش | ٣ش | ٥ش | ١ش | ٤ش | ه | ٢ش | ٤ش |
| هەینی | | ٢ش | ٢ش | ٥ش | ش | ٣ش | ٥ش | ١ش | ٤ش | ه | ٢ش | ٤ش |
| | کەبیسە | ٢ش | ٣ش | ه | ١ش | ٤ش | ه | ٢ش | ٥ش | ش | ٣ش | ٥ش |

خشتە ژمارە (٢)

١- ژمارەی هەر مانگێ خرایە شوێن ناوی ڕۆژی دەست پێکردنی.

٢- ساڵە کەبیسەکان جیاکرانەوە و بوون بە بەشێکی سەربەخۆ.

٣- هەر کۆمەڵە ساڵێ خرایە بەرامبەر خانەی ڕۆژی دەست پێکردنیان.

خشتەکان لێکدران و پەیوەندی نێوان ڕۆژ و حەفتە و مانگ و ساڵەکان بەشێوەیەکی سیستەماتیکی بەم جۆرەی خوارەوە ئەنجام درا.

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | ١٩٠١ | ١٩٠٠ | | | | |
| | | | | | | | | ١٩٠٣ | ١٩٠٢ | ١٩٠٧ | ١٩٠٦ | ١٩٠٥ | | | |
| | | | | | | | ١٩٠٩ | ١٩١٤ | ١٩١٣ | ١٩١٨ | ١٩١٧ | ١٩١١ | ١٩١٠ | | |
| | | | | | | | ١٩١٥ | ١٩٢٥ | ١٩١٩ | ١٩٢٩ | ١٩٢٣ | ١٩٢٢ | ١٩٢١ | | |
| | | | | | | | ١٩٢٦ | ١٩٣١ | ١٩٣٠ | ١٩٣٥ | ١٩٣٤ | ١٩٣٣ | ١٩٢٧ | | |
| | | | | | | | ١٩٣٧ | ١٩٤٢ | ١٩٤١ | ١٩٤٦ | ١٩٤٥ | ١٩٣٩ | ١٩٣٨ | | |
| | | | | | | | ١٩٤٣ | ١٩٥٣ | ١٩٤٧ | ١٩٥٧ | ١٩٥١ | ١٩٥٠ | ١٩٤٩ | | |
| | | | | | | | ١٩٥٤ | ١٩٥٩ | ١٩٥٨ | ١٩٦٣ | ١٩٦٢ | ١٩٦١ | ١٩٥٥ | | |
| | | | | | | | ١٩٦٥ | ١٩٧٠ | ١٩٦٩ | ١٩٧٤ | ١٩٧٣ | ١٩٦٧ | ١٩٦٦ | | |
| | | | | | | | ١٩٧١ | ١٩٨١ | ١٩٧٥ | ١٩٨٥ | ١٩٧٩ | ١٩٧٨ | ١٩٧٧ | | |
| | | | | | | | ١٩٨٢ | ١٩٨٧ | ١٩٨٦ | ١٩٩١ | ١٩٩٠ | ١٩٨٩ | ١٩٨٣ | | |
| | | | | | | | ١٩٩٣ | ١٩٩٨ | ١٩٩٧ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠١ | ١٩٩٥ | ١٩٩٤ | | |
| | | | | | | | ١٩٩٩ | ٢٠٠٩ | ٢٠٠٣ | ٢٠١٣ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٥ | | |
| ١٩٠٤ | | | | | | | ٢٠١٠ | ٢٠١٥ | ٢٠١٤ | ٢٠١٩ | ٢٠١٨ | ٢٠١٧ | ٢٠١١ | | |
| ١٩٣٢ | ١٩٢٠ | ١٩٠٨ | ١٩٢٤ | ١٩١٢ | ١٩٢٨ | ١٩١٦ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٦ | ٢٠٢٥ | ٢٠٣٠ | ٢٠٢٩ | ٢٠٢٣ | ٢٠٢٢ | | |
| ١٩٦٠ | ١٩٤٨ | ١٩٣٦ | ١٩٥٢ | ١٩٤٠ | ١٩٥٦ | ١٩٤٤ | ٢٠٢٧ | ٢٠٣٧ | ٢٠٣١ | ٢٠٤١ | ٢٠٣٥ | ٢٠٣٤ | ٢٠٣٣ | | |
| ١٩٨٨ | ١٩٧٦ | ١٩٦٤ | ١٩٨٠ | ١٩٦٨ | ١٩٨٤ | ١٩٧٢ | ٢٠٣٨ | ٢٠٤٣ | ٢٠٤٢ | ٢٠٤٧ | ٢٠٤٦ | ٢٠٤٥ | ٢٠٣٩ | | |
| ٢٠١٦ | ٢٠٠٤ | ١٩٩٢ | ٢٠٠٨ | ١٩٩٦ | ٢٠١٢ | ٢٠٠٠ | ٢٠٤٩ | ٢٠٥٤ | ٢٠٥٣ | ٢٠٥٨ | ٢٠٥٧ | ٢٠٥١ | ٢٠٥٠ | | |
| ٢٠٤٤ | ٢٠٣٢ | ٢٠٢٠ | ٢٠٣٦ | ٢٠٢٤ | ٢٠٤٠ | ٢٠٢٨ | ٢٠٥٥ | ٢٠٦٥ | ٢٠٥٩ | ٢٠٦٩ | ٢٠٦٣ | ٢٠٦٢ | ٢٠٦١ | | |
| ٢٠٧٢ | ٢٠٦٠ | ٢٠٤٨ | ٢٠٦٤ | ٢٠٥٢ | ٢٠٦٨ | ٢٠٥٦ | ٢٠٦٦ | ٢٠٧١ | ٢٠٧٠ | ٢٠٧٥ | ٢٠٧٤ | ٢٠٧٣ | ٢٠٦٧ | | مانگ |
| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٣١ | كانوونی یەكەم |
| ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٢٨-٢٩ | شوبات |
| ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٦ | ٥ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣١ | ئازار |
| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٣٠ | نیسان |
| ٢ | ١ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ١ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ٣١ | مایس |
| ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٦ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٦ | ٥ | ٣٠ | حوزەیران |
| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٣١ | تەمموز |
| ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٢ | ١ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٣١ | ئاب |
| ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٦ | ٣٠ | ئەیلوول |
| ١ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٣١ | تشرینی یەكەم |
| ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٦ | ٥ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣٠ | تشرینی دووەم |
| ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ٧ | ٦ | ٣١ | كانوونی یەكەم |

خشتە ژمارە (٣)

بۆ ئاسانبوونی بەکارهێنانی ساڵنامەکە ئەم خشتەیە و خشتەی مانگەکان (ژ١ ل٧) خرانە سەر یەک لاپەڕە و ڕێنمایی بەکارهێنانی ساڵنامەکەش خراوەتە ڕوو.